**له ئەمرۆ بە بانەوە، پەنجەرە ودەرگای خۆت مەحکەم رابگرە وچ کەس بە دز مەزانە**

Xoshnaw meriwany

٢٢/١٢/٢٠١٩ Paris

چی کوردی لاواز کردوە؟

بێ کاری.

چی کوردستانی پەرێشان کردووە؟

ژێرخانێکی ئابووری بێ هێز.

چی حوکمی بنەماڵەی دروست کردووە؟

هەژاری.

سێ خاڵەی سەرەوە، رەگی کێشەکانی گەللی کوردە. کورد بە تۆپزی بێ کاریان کردووە، بێکاری نەهێڵین، پێویستە ژێرخانێک ئابووری پتەو دامەزرێنین، هاوکات هەژاری نامێنێ. بەدەسەڵاتێکی دیموکراتی دەواوینی پێویستی دەبێ. خاڵە لاواوکان چ کامیان بەبێ ئەویتریان بوونی نابێ. سێ خاڵە سەرەکیە نەخۆشیەکانی باری کۆمەڵایەتی کورد، بە ماهیەتی درورست بوونی دەسەڵاتی حوکمەوە بەستراوە.

حوکوومەتێک لەسەر دزی نەوت بژی دەبێت خەڵکەکەی بێ کاربن. بێ کاری بەمانای خەڵکی هەژار کردن. خەڵکی کاتێک هەژار بکرێن ئاسانە گەندەڵ کردنیان. خەڵکی گەندەڵ کردن واتە دەچنە ریزی دەسەلاتی گەندەڵەوە.

بێکاری(هەژاری)+ئابوری پەرپووت = گەندەڵی(حوکمی پەرپووتی بنەماڵە).

هاوکێشەی بێ کاری وهەژاری گەندەڵی ونەخوێندەواری لێ بەرهەم دێ وگەندەڵی پتەو دەکەن. دوژمنانی میللەتی کورد، بەدووژمنانی دەرەکی وکوردی دەسەلاتی گەندەڵەوە، نەهێشتنی بێکاری لە قازانجیان نییە، چاکسازی کردن، بە واتایەکیتر گۆرهەڵکەندنە بۆ خودی دەسەڵاتەکەیان.

چ پارتێکی سیاسی بەنگەشەی چاکسازی لە دەوڵەتێکی بنەماڵەیدا بکات، دەست برینی و گەمژە خەڵک کردنە.

دەوڵەتێک بەماهیەتی دیکتا تۆری مەزهەبی وئیتنی هەرگیز ناتوانێ چاکسازی بکات، هەرکات زۆری بۆ هات، هەموو قەسابخانەکانی بۆ قەتل وعامی خەڵکی ئەخاتەگەر.

دەسەلاتی گەندەڵ، کۆمەڵی خوێندەواری گەندەڵ بەرهەم دێنێ، خوێندەوارە گەندەڵەکان بێ ئەزموونن، هەمیشە هەوڵیان داوە ئەگەر لە نەزانینیانەوە یان لە مەرامی قازانج ودەستکەوتیانەوە بوویێت، خۆیان کردۆتە دادپەروەری جولانەوە کۆمەلاییەکان. دوور نەرۆین ئەمرۆ لە راپەرینەکانی ناوەراست وخواروی عێراقدا دروشمی بەئاشتی بەئاشتی!! بەرزیان کردۆتەوە، بە پاساوی بەرەی حاکم ودەسەڵات تورە نەبن ونەمان کوژن، قەتلوعامان نەکەن.

بە لۆجیکی مێژووی سەیری ماهییەتی دەوڵەت ودەسەڵات ناکەن. دەوڵەت ودەسەڵاتێکی مافیای ئاینی مەزهەب گەرای سەیری قازانج ومەرامی مرۆڤانەی میللەت ناکەن، بگرە بەسانیە سەیری دەستکەوتەکانی خۆیان دەکەن. لە زۆربەی وڵاتان وبەتایبەتی لەکوردستانی باشوروعێراقدا زۆربەی کەسانی دەسەڵات کەسانێک نین شیاوی پۆستەکانیانبن، بە هۆی پارتی سیاسیەوە هاتوون. لە بری وەلا وکار بۆ پارتێکی سیاسی لە پۆستەکانیان دانراون.

دەسەڵاتێک ماهیەتی بەزۆر ولەنەزانینی خەڵکەوە دروست بووبێ، هەرکاتێک گلۆڵەیان کەوتە لێژی تەر ووشک پێکەوە دەسوتێنن، لەبەر ئەوەی پارە وقازانجیان هێند فرەیە، لە خۆرا دەست بەرداری نابن. وان دەربەستی تۆنین !! ئەگەر بەئاشتی بێ، یان بە شەربێ، دەتسووتێنن، یان مللت دەشکێنن، وان دەربەستی ژیانی وبەردەوامی قازانجەکانی خۆیانن، بە چ ئامرازێک بێ ئەت سوتێنن. لە بری گەلی کورد، خەڵکی هەژاری ئاوارەی دونیا هاوردە دەکەن.

بۆچی لە ناوچەکانی وەک عێراق وهەرێمی کوردستاندا دەسەڵات دەربەستی خەڵکی نین؟

دوو فێنۆمێن هەن، بەبێ یەکتر بوونیان نابن.

١- پەرپووت کردنی ژێرخانی ئابوری وڵات.
٢- خەڵکی هەژار کردن، کەمکردنەوەی دەرفەتی کارکردن وئاسان نەکردنی دۆزینەوەی هەلی کارکردن.

ئەو دوو خاڵە بەبێ یەکتری بوونیان نابێت، چارەسەری ئەو دوو خاڵەیە بکرێن گەندەڵکاران ودز وجەردەی دەسەڵات لە گۆریدەنێن.

تا ژێرخانی ئابووری رەزیل ورسوابێت، بێکاری وهەژاری هەروەها زۆر دەبێ، واتە تایەکەمیان تێک بشکێنرێ دووهەمیان بێکاری زۆردەبێ، هەروەها تا بێکاری زۆربێ چەکدار وپاسەوانی بەرپرس، هەستی ئاینی، نەخوێندەواری، بێ زانیاری زۆر دەبێ، ئەم فێنۆمێنەیە، دەسەڵاتی گەندەڵی بەدفەر پتەو دەکات. دەسەڵاتی گەندەڵ بە بێ بێکاری نەزانی بوونی نابێت وهەرگیزناتوانێ

چاکسازی بکات. چاکسازی لە دەسلاتی گەندەڵدا خۆکوژیە.

من هەر وەک ئێوەی بەرێز، تورک، ئنگلیز، روسیا، عەرەبی نەوت وتارانی سێدارە تاوان باریان دەکەم، بەڵام پارەی نەوت وگاز هەر هەمووی نە چۆتە گیرفانی دوژمنانی دەرەکێوە. دوژمنانی دەرەکی هەمیشە پێویستیان بە دەسەڵاتی سیاسی، ئیکۆنۆمی و سۆسیالی بن دیواری خۆمالی بووە و ئەبن.

لە دنیای سەرمایەداری و دنیای ئەمرۆدا، دەسەڵاتی جیهانی پێویستی چۆن بە خەڵکی بن دیوار وگەندەڵ هەیە بە هەمان شێوە پێویستی بە دەسەڵاتی بن دیوار وتەمەڵ وتەوەزل هەیە. دیکتاتۆرەکانی نێو دەسەڵاتە بن دیوارەکان لەو خەڵکانەی تەمەڵن هەڵدەبژێرن. دکتاتۆرەکان قەتل و ئەل عامی خەڵکی، تەنیا بە بریاری خۆیان ناکەن، بگرە بەئەمری ئاغا-دەرەکێکانیانە، هەروەها جێبەجێکردنی کوشتار وهەژارکردنی خەڵکی بەهەمەئاهەنگی دەسەڵاتی دەرەکی و خۆماڵی ئەنجام ئەدرێن .

من وای بەباش ئەزانم لەنگەری شیکردنەوەمان، هەمیشە لە روانگەی بەدواچوونی دەسەڵات وپارتی سیاسی ناوەکی ئۆقرەبگرن نەک کەساسکردن وهەژارکردنی خەڵکی وکۆمەڵ کوژێکان بکەینە ملل وڵاتان و کەسانی دەرەکییەوە.

پەنجەرە ودەرگای خۆت مەحکەم رابگرە وچ کەس بە دزمەزانە.